کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 20:34بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## چنووری 16 ساڵە و دەست لەملانبوونی مەرگ! ... گەلاوێژ موحەممەدی

دایکی چنورهێشتا تەمەنی حەوت ساڵ ئەبێت، دایکی ماڵاوای لە ژیان دەکات وهەموو دەردو مەینەتێک بۆ کچە حەوت ساڵەکەی لە دوای خۆی بە جێدەهێڵێت. دایکی چنوور ئەبێتە خوشکی گەورەی سێ خوشکی تری خۆی. کاتێ دایکیان ماڵاوای لە ژیان دەکات ئیتر هەرچی دەردو مەینەتە هەر بۆ ئەو دەمێنێتەوە! دایکی چنوور وەک ئاماژەمان پێکرد کە تەمەنی حەوت ساڵ ئەبێت و ئەبێتە خوشکە گەورەی سێ خوشکەکەیتری، هەم ئەرکی دایکی و هەم ئەرکی خوشکی گەورە وە ئەستۆ ئەگرێت دووای مردنی دایکیان. زۆری پێ ناچێ باوکیان ژن دەهێنێت! وەک ئەوەش هەمووامان دەزانین کە پیاو ژنی بمرێت، ڕۆژ دەژمێرێت تا زوو ژنێکیتر بهێنێت. لە بیری ئەوەدا نیە کە چۆن دوای مردنی ژنەکەی منداڵەکانی پەروەردە بکات.



کاتێ باوکیان ژنی دووهەم دێنی، ئیتر دایکی چنوور و خوشکە کانی تریان ژیانی ماڵی باوکیان لێدەبیێت بە دۆزەخ! بەتایبەت دایکی چنوور کە لە خوشکەکانی دیکەی گەورەتر دەبێت.

دایکی چنوور تاکو تەمەنی دەبێتە 15 ساڵ، بە دەست ژنی دووهەمی باوکیەوە دەناڵێنیت! باوکیشیان بۆ ئەوەی هەم خۆی و هەم کچە بێچارەکەی لە دەست ئاژاوە و کێشەی خێزانی ڕزگاریان بێت، ناچاردەبێت کچەکەی هەر بە منداڵی بە شوو بدات! بەڵام ئایا بە شوودانی کچە بەشمەینەتەکەی چۆن مێردکردنێک دەبێت؟ ئایا لە ماڵی باوکی ڕزگاری بوو لە ماڵی مێردەکەی دەحەسێتەوە یان لە ترسی مار خۆی فرێداوەتە باوەشی ئەژدیها؟ ئەچینە سەر باسی ژیانی دایکی چنوور لە ماڵی مێرددا! تەمەنی هێشتا 15 ساڵە ئەچێتە ماڵی مێرد! لە بەر ئەوەی کە هەتیوو بووە، باوکی لە ناچاریدا بە مێردی داوە! مێردی نامووبارەکیش هەموو ڕۆژێک ئەزیەت و ئازاری دەدات و ڕۆژ نیە لە لێدان و ئازاردان بێبەشی بکات! بەو حاڵەش ناچارە قەبووڵی بکات! لە بەر ئەوەی هیچ جێگە و پێگەیەکی تری نیە بۆی بچێت و هاواری خۆی بۆ لای ببات!

سەرەڕای ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەری وپڕ لە ئەزیەت و ئازارەش، دەبێتە دایکی منداڵ و... هتد! منداڵی یەکەمی کچێکی بەشمەینەت، لە دایکی بەشمەینەتتر دەبێت و منداڵی دووهەمی کوڕێک دەبێت! دوای چەند ساڵ ئەبێتە دایکی چەند منداڵێکیتر. بەڵام ژیانی ئەو هەر وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانکاریەکی بە سەردا نەهاتووە! ڕۆژێک لە ڕۆژە تاڵەکانی ژیانی دایکی چنوور، مێردە بێبەزەییە دڕندەکەی دەرگای بەسەردا دادەخات و بە شێوەیەکی زۆر بە بەزەییانە لێی دەدات. کوڕەکەشی ئەبینێت باوکی زۆر دڕندانە لە دایکی دەدات، لە ئاست گریان و هاواری دایکی بەدبەختی، هاوار دەباتە دەرودراوسێکانیان و لە ماڵەوە بە غاردان دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هاواری دایکی بگەیەنێ! لە پەنا ماڵی خۆیاندا مترسوارێک دێت و ئەیکات بە ژێر مترەکەوە. بەداخەوە زۆر نابات گیانی شیرینی لە دونیا ئاسودەیی نەدیوی، لە دەست دەدات و دەبێتە قوربانی دڕندەیی و بێبەزەیی باوکی. سەرەڕای ئەوەش وەکو چۆن لە هەندێک شوێن باوە کە گەر کەسێک کەسێکی دیکە بکوژێت، خاوەن کوژراوەکە پارەیەک وەردەگرێت لە باتی خووێنی کەسەکهی، ئەم پیاوە خوێنخۆرەش پارەی خوێنی کوڕە کۆرپەکەی وەردەگرێت و ئەیدات بە خانوویەک بۆ لێدان ئەزیەت و ئازاردانی دایکی چنوور و منداڵەکانی تری.

ڕۆژێکیتریان هەر هەمان شێوە دەست دەکات بە لێدانی دایکی چنوور. چنوور دوای لێدانێکی زۆر، چنووری لە دونیا خێر نەدیو، چیتر هەڵگری ئەو هەموو ئازارە نابێت کە بە سەر خۆی و دایکیدا دەهێنرێت و بۆ ئەوەی چاو و دڵە لە دونیا خێر و خۆشی نەدیوەکەی لە دەست دڕندەیی و بێبەزەیی باوکی بۆ یەکجاری بنوقێنێت، ئەچێتە حەمام و پەرەمێز لە خۆی ڕۆشن دەکات تا جەستەی ناسک و نازداری ئەسووتێنێت. چنووری تەمەن 16 ساڵ بە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی سووتانی جەستە ناسکەکەی لەسەدا هەشتا دەبێت، زۆری پێناچێ گیانی پرلە ئێش و ئازاری لە دەست دەدات و ئەبێتە قوربانی ئاوەزی باوکسالاری!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.